کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 21:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی سەرۆکی کۆماری عێراق، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ... باوکی شازاد**

بە ناوی کوردایەیاتی و مرۆیی داواتان لێ دەکەم ئاوڕێکی باوکانە بدەنەوە لە دوو ڕۆڵەی گەنجی کوردی ئێرانی (عەدنانی حەسەن پوروو عەبدولواحێدبووتیمار) کە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە بەم نزیکانە پاش چەند ڕۆژێکی تر حوکمەکە جێ بە جێ دەکرێت، تەنها گوناهیان ئەوەیە کە تۆزێک زیاتر لە سنوری خۆیان دەرچون کە یاسا ڕێگای پێ داون لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی ڕۆژهەلأت بابەتەکانیان بنوسن بەلأم لە بەر ئەوەی کوردن و بی کەسن ئەو حوکمە قورسەیان بە سەر دا سەپێنراوە. ئەو دوو گەنجە کارێکی وایان نەکردوە کە جێگای شەرمەزاری بێت یان بازرگانیان بە مادده بێهۆش کەرەکانەوە کردبێت یان چەکیان لە دەست بوبێت و دژایەتی حوکمەتی ئێرانیان کردبێت بۆیە داوا لە هەردووبەڕێزتان دەکەم بەزەییتان پێ یان بێتەوەو ئەگەر بتوانن بە هۆی ئەو پەیوەندیە باشەی کە هەتانە لە گەل کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەتی (ئایەتوڵڵە خامەنائی و ئەحمەدی ناژاد) کە تەنها ئەوان دەسەلأتی ئەوەیان هەیە حوکمەکە ڕابگرن. بەڕێزان ئەوەی من بیزانم کوردە شۆرش گێڕەکانی ئێران زۆر جار کاری وایان بۆ ئێوە کردوە کە زۆر کاریگەری هەبوە لە سەر ئاسایشی نیشتمانی بەلأم لە بەر بەرژەوەندی گشتی هەموو شتێکیان خستۆتە لا، وە زۆر جار دەسەلأتی ئێران تەکلیفی زۆر لەوە گرنگتری لە ئێوە کردوە بۆتان جێ بەجێ کردون دە ئێوەش ئەم جارە توانای خۆتان بخەنە گەڕ بۆ ڕزگار کردنی ئەو دوو لاوە بێ گوناهە هەم بەو سیفەتەی کە ئێوە سەرکردەی کوردن وە هەم وەکو کارێکی مرۆیی وە گەلی کوردو مێژو هەرگیز ڕزگاری دوو ڕۆلەی لە پەتی سێدارە لە بیر ناکات وە لەلایەن یەزدانی گەورەش پاداشت وەر دەگرنەوە. توخوا بۆ خاتر گۆڕی شەهیدان هەر کەسێک دەنگی دەگا بەم دوو بەڕێزە ئەو پەیامەیان پێ ڕابگەیەنن بەڵکو چارەیەکیان پێ بدۆزرێتەوەهەرگیز ڕزگار کردنی ئەوانە دلی گەلی کوردی مەزلومی پێ شاد دەبێتەوە. بزانن هەموو ئەوروپاو دەوڵەتەکانی دونیا چۆن لەسەر بەرز ترین ئاست بەرگریان لە سستەرە بولگاریەکان و دکتۆرە فەلەستینیەکەی کە لە لیبیا گیرابون کرد وە توانیان نەیە لن لە سێدارە بدرێن و ئازادیش کران، ئیمرۆ دیار کەوتوە کە دەوڵەتی قەتەر چوار سەد ملیۆن دۆلارەکەی داوە کە دراوە بە کەس و کاری منالە توشبوەکانی بە نەخۆشی ئایدز دە ئیوەش ئەسپی خۆتان تاو بدەن بۆ ئەو کارە نیشتمان پەروەریە هەموو کەس دەست خۆشیتان لێ دەکات و دەیسەلمێنن کە بەڕاستی یێوە شایەنی ئەوەن کە سەرکردایەتی کورد بکەن هاموومان قەرزاری یێوە دەبین هەتا دونیا ماوە هیوادارم دلمان فێنک بکەنەوەو کەسوکاری ئەو دوو گەنجەش دلخۆش بکەن هەر سەرکەوتو بن بۆ گەلی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.